


# ڕاپۆرتی ئەمینیستی ئەنتەرناشناڵ بۆ ساڵی 2008

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**
**نەبەز ئەحمەد**



سەرچاوە:ماڵپەڕی CNN

بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا

پێگەی ئێراق

سەرۆکی دەوڵەت: جەلال تالەبانی

سەرۆکی حکومەت: نوری مالکی

سزای لەسێدارەدان : پارێزراوە

ژمارەی دانیشتوان 30،3ملێون

تێکڕای ماوەی ژیان: ساڵ 57،7

مردن لەخوار 5 ساڵییەوە نێر،مێ:109،107 لە هەزاردا

ڕێژەی گەنجی خوێنەوار: 74.1 لەسەدا

بە هەزاران لە خەلك،وە مندالآن بە هۆی بەردەوامی جیاوازییە ئاینیو وە توندوتیژییەکانی ترەوە مردون و بریندار بوون،وە هەروەها ناوچە توشبووەکانی شەڕ لێوانلێوە لە ئالۆزیو توندوتیژی لە مافەکانی مرۆڤدا،کە هەندێك لەوانە بە تاوانی جەنگ و وە تاوان دژی مرۆڤایەتی ئەژمار ئەکرێت.

زۆر لە هاولاتیان مردون بەهۆی ئەو هێرشە بۆمبیانەی کە لەلایەن ئەو گروپانەی کە دژی حکومەت و هێزە فرە ڕەگەزەکانن( MNF) دەکرێتە سەریان،لەکاتێکدا هەندێکی تریان قوربانی دەستی ئەو گروپانەن کە جیاوازی ئا ینیان هەیە یان بە دەستی گروپە دینییە سونی وە یان شیعییەکانەوە.

به سه‌دان له خه‌ڵك رفێنراون و ئه‌شكه‌نجه دراون وه كوژراون وه لاشه‌كانیان له‌سه‌ر شه‌قامه‌كان به‌جێماوه ،هه‌نێك له‌م لاشانه له‌لایه‌ن خێزانه‌كانیانه‌وه له مه‌یتخانه دۆزراونه‌ته‌وه.

زیادبونی توندوتیژیو جیاوازیه ئاینیه‌كان بۆته هۆی ئه‌وه‌ی كه به سه‌دان هه‌زار له هاولآتیان ماڵه‌كانیان جێبهێڵن و بێ لانه ببن،كه ئه‌مه‌ش بۆته هۆی زیاد بونێكی به‌رچاوی په‌نابه‌رای ئێراقی له ده‌ره‌وه بۆ 2 ملیۆن به‌تایبه‌تی سوریاو ئوردن وه وڵاتانی تری ده‌ره‌وه،وه هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی كه له ناوخۆی ئێراقدا بێ ماڵ و حاڵ بوون بۆ زیاتر له 2 ملیۆن،كه ئه‌مه‌ش به‌زیادبونی مه‌ترسییه‌كی گه‌وره بۆسه‌ر مرۆڤایه‌تی داده‌نرێت.

هێزه ئه‌منییه ئێراقییه‌كان بونه‌ته هۆی زیاتر شێواندنی مافه‌كانی مرۆڤ به‌هۆی كوشتنی نایاسای وه هه‌ڵواسین و ئه‌شكه‌نجه‌دانی تر،وه هه‌روه‌ها گرتن و ده‌ستبه‌سه‌ركردنی ئاره‌زومه‌ندانه.

هێزه فره ره‌گه‌زه‌كانن( MNF) هاولآتیانیان كوشتووه‌و هه‌روه‌ها زیاتر له 25 هه‌زاریان گرتووه به‌بێ داواكاری دادوه‌ر یان دادگای كردنیان،له‌وانه هه‌ندێكیان بۆچه‌ند ساڵێك گیراون وه خه‌ڵكی ئاسایی كوژراوه له‌لایه‌ن پاسه‌وانانی كۆمپانییه ئاسایش و تایبه‌تییه‌كانه‌وه.

سزای مردن (له‌سێداره دان) به شێوه‌یه‌كی زۆر فراوان به‌كارهێنراوه ،وه 33 كه‌س هه‌ڵواسراون (اعدام) وه زۆرێك له‌مانه دوای دادگاییه‌كی نادادپه‌روه‌رانه.

باككراوند:

له 1ی 1 دا سه‌رۆكی ولایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا جۆرج ده‌بلیو بۆش ئاشكرایكرد كه زیاتر له 20 هه‌زار سه‌ربازی ئه‌مریكی له ئێراقدا بڵاو ده‌كرێنه‌وه وه‌كو به‌شێك له پلانێكی سه‌ربازی بۆ باشتر كردن و به‌هێزتركردنی ئاسایشی ئێراق،به‌تایبه‌تی له ناو به‌غدادا،وه هه‌روه‌ها بۆ زیاتر یارمه‌تیدانی حكومه‌تی ئێراق بۆ دابینكردن و ده‌سته‌به‌ركردنی كۆنترۆڵی زیاتر.

ئه‌م پلانه به پرۆژه‌ی ئابوری‌و سیاسی جێبه‌جێكرا وه‌كو بنیاتنانه‌وه‌و وه هه‌روه‌ها ده‌رفه‌تی كار،وه ده‌رچونی یاسای هه‌ڵبژاردنی پارێزگاكان ،وه هه‌روه‌ها ته‌واوكردنی گفتوگۆی ره‌شنوسی یاسای نه‌وت،هه‌رچۆنێك بێت ته‌نهاپێشكه‌وتنی سنوردار له‌م بوارانه‌دا به‌دیهاتون.

سه‌ره‌رای ئه‌م پێشكه‌وتنانه توندوتیژی به‌شێوه‌یه‌كی به‌رفراوان ماوه،هه‌رچه‌نده له سه‌ره‌تاوه وا راگه‌یه‌نرا كه تاكۆتایی ساڵی 2007 كه‌م ده‌بێته‌وه.

حكومه‌ت و په‌رله‌مان به‌ته‌واوی ئالۆزی كه‌وتۆته كاره‌كانیانه‌وه به‌هۆی ئه‌وجیاوازیه سیاسییه‌ی كوتله‌كانی حكومه‌ت و په‌رله‌مان وه بایكۆتی هه‌ندێ له ئه‌ندامانی په‌رله‌مان كه نوێنه‌ری بیروبۆچونی پارته‌كانیانن دژ به سه‌رۆك وه‌زیران نوری مالیكی.

له مانگی چواردا رێخراوی (UNHCR) كۆنفرانسێكی جیهانییان له سیزه‌ر لاند له‌ده‌رئه‌نجامی خراپی و گه‌شه‌سه‌ندنی مه‌ترسی و كاره‌ساته مرۆیه‌كانی په‌نابه‌رانی ئێراقی به‌ست،ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی چ له ده‌ره‌وه یان له ناوه‌وه‌ی وڵاتدا.

له مانگی 8 ی 2007 دا سه‌ركرده‌ی ئاینی شیعی موقته‌دا سه‌در داوای له سوپای مه‌هدی (كه شوێنكه‌وتوانی خۆیین) كرد بۆ راگرتنی شه‌ر بۆ ماوه‌ی شه‌ش مانگ وه هاوكاری هێزه ئاسایشییه ئێراقییه‌كان.

هه‌ر له هه‌مان مانگدا ئه‌نجومه‌نی ئاسایش بریاری 1770 ی ده‌ركرد،كه ئه‌م خاڵانه‌ی له خۆ ده‌گرت : ده‌سه‌ڵاتیدا به یاریده‌ده‌ری (UN) له ئێراقدا (UNAMI) بۆ داواكردن له حكومه‌تی ئێراق له پێناوی پێشخستنی گفتوگۆی سیاسی له نێوان پێكهاته جیاوازه‌كان و وه گروپه دینییه ئیراقییه‌كاندا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گفتو گۆی هه‌رێمایه‌تی له سه‌ر ئه‌و بابه‌تانه‌ی كه په‌یوه‌ندی به ئاسایشی سنوره‌كانه‌وه هه‌یه وه بابه‌تی وزه‌و خراپی مه‌ترسی بارودۆخی مرۆیی،ئه‌م

بڕیارە بەتەواوەتی هەرەسی هێنا دەربارەی خراپی باردۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ولآتدا.
لە مانگی 12 ی 2007 هێزەکانی بەریتانیا کۆنترۆڵی شاری بەسرەیان دایەوە دەست هێزە ئێراقییەکان.

هەڵسوکەوتی خراپی گروپە چەکدارەکان

گروپە چەکدارەکان لە ناویاندا دینییەکان و نیشتیمانییەکان کە شەڕ دژی هێزە ئەمریکییەکان و حکومەتی ئێراقی ئەکەن هەروەها قاعیدەو وە ئەو میلیشیایانەی کە نزیکن لە گروپە دینییە شیعییەکانوە مەترسییەکی زۆریان لە سەر مافەکانی مرۆڤ دروست کردووە ،وە زۆر لەم مەترسییانە پەیوەندی بەو توندوتیژییە مەزهەبییانەوە هەیە کە لە نێوان گروپە چەکدارە سونی و شیعییەکاندا هەیە،کە بونەتە هۆی پاکتاوی ئەو گەڕەك و شوێنانەی دانیشتوانەکەی تێکەڵە لە شیعەو سونە،

ڕفاندنی هاوڵاتیان لەماڵەکانیان یان لەسەر شەقامەکان وە هەروەها پاشان کوشتنیان،وە زۆر جار ئە تەرمانەی کە جێماون شوێنکاری زۆری تەعزیب و شێواوییان پێوە دیارە،ئەندامانی تایەفەو ئاینە بچوکەکانیتر تەهدیدکراون و هەڕەشەی توندییان لێکراوە وەکو یەزیدی و مەسیحییەکان و سابیئەو فەلەستینییەکان و ژنان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و دادوەرەکان و پزیشکەکان وە هەروەها خاوەن پیشەکانیتر.

*لە 18 ی 4 دا بە لایەنی کەمەوە 140 کەس لە ناو بازاڕێکی شاری ئەلسەدردا بە هۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژیی ئۆتۆمۆبێلەوە کوژران،کە ئەم شارە دانیشتوانەکەی بەگشتی شیعە نشینن.

*لە 12 ی 5 دا دکتۆر ئەدیب ئیبراهیم ئەلجبوری کە پزیشك و سەرکردەیەك بوو لە موسڵ لە ڕێکخراوێکی ئیسلامی بۆ مافەکانی مرۆڤ ،لەلایەن پیاوانی چەکدارەو ە کە وادەردەکەوێت لە قاعیدە بن تیرۆر کرا ئەمەش دوای ئەوەی کە لە عیادەکەی هاتەدەرەوە لە ناو موسڵدا.

*لە 3 ی 6 ی 2007 دا قەشەی خەلدین،رغد غانی، وە 3 لە سەرکردەی تری مەسیحی لەلایەن چەند کە سانێکی نەناسراوەوە لە ناو موسڵدا تەقەیان لێکرا.

*لە 7 ی 7 ی 2007دا لە هێرشێکی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو 150 کەس کوژران و وە زیاتر لە 265 ی تر بریندار بوون لە ناو بازاڕێکی ئەلعامریە کە دێیەکی تورکمانە شیعەکانە لە پارێزگای سەلاحەدین.

*لە مانگی 8 دا مستەفا ئەحمەد کە شۆفێرێکی تاکسی و وە پەنابەرێکی فەلەستینییە لە لایەن چەند چەکدارێکەوە کە پێدەچێت لە سوپای مەهدی بن ڕفێنرا ،دوو ڕۆژ دواتر ڕفێنەرەکان بە مۆبایلەکەی خۆی تەلەفۆنیان بۆ خێزانەکەی کرد بۆ بردنەوەی تەرمرکری لە مەیتخانە،لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمەکە دەرکەوت کە جەستەکەی بە دریل کونکرابوو وە ئەشکەنجەیەکی زۆر درابوو،وە ددانەکانی هەڵکێشرابوو پاشان شەش گولەی پێوە نرابوو.

*لە 14 ی 8 دا زیاتر لە 400 خەڵك کوژران و بە لایەنی کەمەوە 300 ی تر بریندار بوون بە هۆی تەقاندنەوەی تانکەری بانزین لەلایەن چوار خۆکوژەوە لە قەهتانییەو ئەلجەزیرەو وە تەلعوزەیر کە هە موو ئەم ناوچانە نزیکن لە سنوری سوریا وە دانیشتوانەکەی بە زۆری هەڵگری ئاینی یەزیدین ،وە زۆربەی قوربانییەکان منداڵ بوون.

*لە 28 ی 10 شەهاب محمد ئەلهیتی کە سونی و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الیوم) کە هەفتانە لە بەغداد دەردەچوو لە زانکۆی بەغداد ڕفێنرا،وە پاشان بە کوژراوی دۆزرایەوە.

کوشتن لەلایەن هێزە ئاسایشە ئێراقییەکان

هێزە ئاسایشە ئێراقییەکان خەڵك ئەکوژن بە نایاسایی،لە هەندێ حاڵەتدا توێژەرەوەکان ئەمە بۆ حکومەت ئاشکرا

دەکەن بەڵام هیچ ئەنجامو کاریگەرییەکی نابێت.

لە 27 ی 3 دا چەکدارێك کە جلی پۆلیسی پۆشیبوو 70 عەرەبی سونەی لە شاری فرە نەتەوەو ئاین تەلەعفەر لە نزیك موسڵ کوشت،کە ئەمەش وادیارە لە ئەنجامی ئەو هێرشە خۆکوژییانەوە بێت کە دەکرێتە سەر ناوچە شیعە نشینەکان لەلایەن چەکدارە سونییەکانەوە،ئەوانەی کە لەم ڕوداوە دەربازیانبووە وا دەگێڕنەوە کە پیاوە چەکدارەکە ئەو خەڵکانەی خستۆتە ناو ماڵەکانی خۆیان و وە دەست و چاویانی بەستۆتەوەو پاشان گولە بارانی کردوون،دوو ڕۆژ دوای ئەوە حکومەت ئاشکرای کرد کە پۆلیسەکەو وە 13 کەسی تری دەستگیر کردووە کە دەستیان لەم ڕوداوەدا هەبووە .ڕون و ئاشکرا نەبوو کە هیچ کام لەم دەستگیرکراوانە برابن بۆ دادگاو دادکایی کرابن.

کوشتن و توندوتیژییەکانیتر لەلایەن هێزە فرە ڕەگەزەکانەوە

هێزە ئەمریکییەکان بونەتە نائارامیەو توندوتیژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، وەکو کوشتنی نا یاسایی خەڵکی سڤیل،گرتنی ئارەزومەندانە،وە تێکشکاندنی بەهاو بێڕێزی لە کاتی پشکنینی ماڵەکان،هەندێك لە سەربازەکانی ئەمریکاو بەریتانیا هەوڵی تاوانیان داوە یان تاوانیان لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجام داوە.

*لە 28 ی 9 2007 دا هێزە ئەمریکییەکان هەڵسان بە ئەنجامدانی هێرشێکی ئاسمانی لە شەودا بۆ سەر باڵاخانەیەك لە ناوچەیەکی سونی نشیندا لە ئەلساحە لە باشوری ڕۆژئاوایی بەغداد،کە بە لایەنی کەمەوە 10 پیاو،ژن،منداڵ مردن.

*دوای پێکدادانێکی قورسی نێوان هێزە ئەمریکییەکان و ئەو چەکدارانەی کە سەر بە سوپای مەهدی بوون لە شاری سەدری بەغداد،هێزە ئەمریکییەکان هەلیکۆپتەریان بەکارهێنا بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەو پیاوەی کە سەربازێکی هێزە فرە نەتەوەکان (MNF)ی ڕفاندبوو،لەم کاتەدا بەگوێرەی زانیارییەکانی پۆلیسی ئێراقی 13 مەدەنی کە دوو منداڵیان تیابوو کوژراون و بریندار بوون،فەرماندارێکی هێزە ئەمریکییەکان وتی لیچنەیەکییان بەم ڕوداوەدا ئەچێتەوە.

لە مانگی 8 دا سەربازێکی ئەمریکی بە 110 ساڵ حکوم درا لەگەڵ هەبونی مافی بە کەفالەت ئازادبونی لە سەر دەستدرێژی سێکسی و پاشان کوشتنی (ئابیر قاسم هەمزە ئەلجەنابی)کە کچێکی 14 ساڵان بوو،هەروەها کوشتنی 3 لە خزمەکانی لە مەحمودییە لە مانگی 3 ی 2006 دا،دادگایەکی سەربازی تاوانی دەستدرێژییە سێکسییەکەی ئەم سەربازەی سەلماند،وە هەروەها ئەو کارانەی تری کە دژی ئەو هاوڵاتیانە کردوویەتی لە سوتاندن و لەناوبردنی ماڵەکانیان ،وە ئەو ئارەزووەی کە بۆ ئەم کارە هەیانبووە.

دوو سەربازی تر کە پێشتر دانیان بەم دەستدرێژییە سێکسییە بۆ سەر ئەو کچەدا نابوو سزای زیندانیکردنیان لە مانگی 2 دا وەرگرت.

دەستبەسەرکردن و گرتنی ئارەزوومەندانە

هێزە فرە نەتەوەکان (MNF) وە هێزە ئاسایشییە ئێراقییەکان 60 هەزار زیندانیان لە مانگی 11 دا هەبوو،بەگوێرەی زانیارییەکانی (ICRC).کە زۆربەیان بەنەزانین و بێ بونی زانیاری دەست گیراون وە بەبێ داواکردنیان لە لایەن دادگا زۆرێك لەمانە وەك زیندانی سیاسین.

لە مانگی 10 دا کۆماندەری هێزە فرە نەتەوەکان (MNF) لە عەمەلیاتی گیراوەکان وتی کە هێزە فرە نەتەوەکان (MNF) 25 هەزار گیراویان لە کامپی بوکا (BUCAA)لە باشوور گرتووە،کامپی ڤیکتۆری و کروپەر لە نزیك فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی وە چەند شوێنێکی تر ،840 مێرمنداڵ و وە 280 ئەجنەبی تیایە کە زۆریان لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە هاتوون.

کەمێك پێشتر هێزە فرە نەتەوەکان (MNF) دەستیانکردبوو بە ئازادکردنی گیراوەکان لە مانگی 2 دا چەند هەزار

گیراوێك ئازاد كران بەو مەرجەی كە جارێكیتر مەترسی لەسەر ئاسایشی حكومەت درووست نەكەن  ئەمەش دوای دابینكردنی گەرنتی لەلایەن خێزانەكانیانەوە.

ئەشكەنجەدان و مامەڵەو هەڵسوكەوتی خراپتر

لە ڕاپۆرتی ئەشكەنجەدان و هەڵسوكەوتی نابەجێ بەرانبەر گیراوەكان  چ لەلایەن هێزە ئێلاقییەكان و وە چ لەلایەن هێزە تایبەتییەكانی وەزارەتی ناخۆوە وەك یەكن،بە هەزاران لە گیراوەكان لە گرتوخانە زۆر قەرەباڵخەكان و بنكەكانی پۆلیس و كامپەكان گیراون و دەسبەسەر كراون،وە زۆربەی ئەمانە لە زیندانەكاندا گیریانخواردووە بەبێ ئەوەی مافی گرتنی پارێزەریان هەبێت ،ئەم دۆخەش ئەشكەنجەدانیانی لەناو زیندانەكاندا ئاسانتر كردووە.

لە مانگی 5 دا، گیراوە كۆنەكان،ئەوانەی لە بینایەكدا لە گەڕەكێكی سەرەكی شیعە نشیندا گیرابوون لە كازمییە،بە فەرمانبەرێكی UNیان وتووە كە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ هەڵواسراون و و ە بەشێوەیەكی بەردەوام لێیان دراوەو بە شێوەیەكی توند سزادراون،بەبەكارهێنانی تەزووی كارەبا بۆسەر شوێنە هەستیارەكانی لەشیان،وە هەڕەشەو مامەڵەی نابەجێ بەرانبەر كەسوكاریان.

وەكو ساڵانی پێشوتر حكومەتی ئێراقی ڕایگەیاند كە گوایە لێكۆڵینەوەی بۆ ئەو جۆرە كارانە كردووە كە لەلایەن هێزە ئاسایشە ئێراقییەكانەوە،بەڵام هیچ ئەنجامێكی باشیان بەدەست نەهێناوە،لێنەپرسینەوەو سزانەدان بۆ ئەو كەسانەی كە ئەم جۆرە كارانەیان ئەنجامداوە بەشێوەكی بەربڵاو زیادیكردووە.

*لە 4 ی 3 دا هێزە بەریتانی و ئێراقییەكان 30 كەسیات گرت،هەندێك لەمانە شوێنەواری ئەشكەنجە بە جەستەیانەوە دیاربوو، كاتێك ئەمانە گیران كە هێرشیان كردە سەر بنكەیەكی سەرەكی هەواڵگیری حكومەتی ئێراق لە بەسرە.

*لە مانگی 10 دا ڕێكخراوی دابینكردنی دادوەری بۆ گیراوەكان ،كە ڕێكخراوێكی (NGO)ی مافەكانی مرۆڤە وتیان كە چاویان بە 4 منداڵ كەوتووە تەمەنیان لە نێوان 13 تا 17 ساڵان بووە وە بۆیان دەركەوتووە كە ئەمانە لەلایەن هێزە ئاسایشە ئێراقییەكانەوە ئەشكەنجەدراون و بەبیانووی ئەوەی كەیارمەتی ئەو هێزانەیان داوە كە دژی حكومەتی عێراقن.

سزای لەسێدارەدان

سزای لەسێدارەدان بەشێوەیەكی زۆر بەرفراوان بەكاردەهێنرێت ،هەرچەندە لە مانگی 3 دا وەزیری مافی مرۆڤی ئێراقی بە ئەنجومەنی مافەكانی مرۆڤی UNی وتووە كە حكومەت كار بۆ نەهێشتنی ئەم یاسایە ئەكات.

بەلایەنی كەمەوە 199 ژن و پیاو سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە وە بەلایەنی كەمەوە 33 یان لە سێدارەدراون و كوژراون،زۆر لەم سزایانە جێبەجێ كراوە دوای دادگاییەكی نادادپەروەرانەی دادگای ناوەندی تاوانەكانی ئێراق (CCCI ).پارێزەرانی گیراوەكان شكاتی ئەوەیان كردووە كە حكومەت وای لەگیراوەكان كردووە كە لە ژێر ئەشكەنجەو زەخت و زۆردا دان بە تاواندا بنێنن و وە پاشان حكومەت ئەم دانپیانانانەی لە دادگا لە دژیان بەكارهێناوە،سەرەڕای ئەوەی كە گیراوەكان نەیانتوانیوە پارێزەر بۆخۆیان هەڵبژێرن.

*لە مانگی 5 دا دادگای تەمیز پشتگیری سزای لەسێدارەدانی دوو هاوڵاتی كرد لەسەر ئەو تاوانانەی كە لە دژی دوو ژن كردوویان،سامر سعد عبدلله وویشام تالب كە سزاكە بۆ هەردووكیان دەرچوو وە لەلایەن دادگای تاوانەكانی كەرخ لە مانگی 8ی 2005 دا وە دادگای ناوەندی تاوانەكانی ئێراق (CCCI )لە بەغداد لە مانگی 8 ی 2006.

*لەمانگی 5 دا،6 پیاو–موازیە عبدالستار،حسێن جهاد حسن،عبدالقادر قاسم جمیل،مستەفا محمد اسماعیل،قیس حبیب،ئەسلان مستەفا "عبد الستار" یە لە سێداروردان مەحكوم كراون لەلایەن دادگای ناوەندی تاوانەكانی ئێراق (CCCI ) لەسەر ڕفاندن و كوشتنی پیاوێك لە بەغداد،دواتر دیار نەبوو كە ئایا ئەم سزایانە جێبەجێكراون یان نا.

مامەڵەی خراپی گاردەکانی ئاسایش و سوپا تایبەتییەکان

پاسەوانانی سوپا دەرەکییەکان کە لەلایەن سوپایی تایبەتی و کۆمپانیایی ئاسایشییەوە دامەزراون،خەڵکی سیڤیلّ ئەکوژن،ئەم کۆمپانیایانە لە پرسینەوەو دادگایکردن بەپێ ی ئەمری ژمارە 17 ی پۆلّ بریمەر ی ساڵی 2004 پارێزراون، ئەمانە لەسەروەوەی دەسەڵاتی ڕێگەپێدراوی هێزە هاوپەیمانەکانن،بە هەرحالّ بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕوداوانەی کە لە مانگی 9 دا ڕویاندا بەهۆی ئەو تاوانەی کۆمپانیایی ئەمریکی بلاك ۆتەر کردی،حکومەتی ئێراق ڕەشنوسی یاسایەکی ئامادەکرد بۆ ئەوەی فەرمانی ژمارە 17 ی پۆلّ بریمەر هەڵبوەشێتێتەوە.

*لە 16 ی 9 دا 17 سڤیلّ کوژران وە 27 بریندار بوون کاتێك کە پاسەوانە ئەمنییەکانی بلاك ۆتەر لە ڕێگایەکی قەرەباڵخی گەڕەکی ئەلمەنسسوری بەغدادا تەقەیان کرد .

کۆمپانیاکە وتی کە گاردەکانی بۆ پرێزگاریکردن لە خۆیان ئەم تەقانەیان کردووە بەڵام شایەتحاڵەکان و حکومەتی ئێراقی ئەڵێن کە یەکەم جار چەکدارەکان تەقەیان کردووە،هەردوو دەسەڵاتدارانی ئێراقی و ئەمریکی ئەڵێن کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لە سەر ئەم ڕوداوە کردووە،لە مانگی 11 دا توێژینەوەی بیرۆی فیدرڵی ئەمەریکی (FBI) ڕایگەیاند کە تەقە کردنەکان هیچ بەهانەیەکی نەبووە.

وە بلاك ۆتەر وتی ئەو سەربازە تاوانباراتەی کە کارەکەیان ئەنجامداوە لێپرسینەوە حسابیان لەگەڵ ئەکرێت،حکومەتی ئێراقی داوای لە کۆمپانییەکە کرد کە بڕی 8 ملوێن دۆلار بۆ هەر خێزانێکی ئەو 17 کەسە بدات کە بەدەستی چەکدارەکانی ئەم کۆمپانیایە کوژراون.

توندو تیژی دژی ژنان

توندو تیژی دژی ژنان زیادی کردووە،وە زۆریان ناچار کراون کە ئیشەکانیان بەجێبهێڵن،وە یان ناچار کراون کە ببنە پەنابەر لە دەرەوە،ئەمەش دوای ئەوەی کە هەڕەشەی مەرگیان لێکراوە.لە نێوان مانگی 7 بۆ 9 دا لە بەسرە ڕاگەیەنرا کە 42 ژن کوژراون لەلایەن گروپە چەکدارە شیعییەکانەوە کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەیان داوە.

لە زۆربەی پارێزگاکاندا هەڕەشەکانی سەر ژنان لەلایەن پیاوانی چەکدارەوە زیادی کردووە بەتایبەتی بۆ پۆشینی جلوبەرگی لۆکاڵی،بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان توندوتیژی ناوخۆی و کوشتنی شەرەف بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەدایە وە زیادبونی تری جیاوازی تایەفی مەترسی لەسەر ئەو ژنانە دروست کردووە کە لەگەڵ پیاوێك لە تایەفەیەکی تر زەواجیان کردووە.

*لە مانگی 2 دا سەرۆك خێڵەکان نارەزاییان لە سەر دەست درێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتێکی تورکمان لەلایەن چوار سەربازی ئێراقییەوە لە تەلەعفەری نزیك موسڵ دەربڕی دوای ئەوەی کەچوبونە ماڵەکەیەوە.بەرپرسێکی پایەبەرزی هێزەکانی ئێراق ئاماژەی بەوەدا کە سەربازەکان دانیان بە تاواتەکەدا ناوە ،بەڵام دیار نییە کە ئایا هیچ تاوانێکی تریان لەدژی کردبێ.

*لەدەوروبەری 7ی 4 دا دوعا خالید ئەسوەد،کە کچێکی 17 ساڵانی یەزیدی بوو،هەتا مردن بەردباران کرا لە بەردەم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارۆچکەی بەعشیقەی نزیك موسڵ،قوربانییەکە قوربانی شەرەفە،ئەم کچە لەلایەن گروپێکی 8 تا 9 پیاوی یەزیدییەوە کوژرا،کە خزمەکانیشی لەوانە بوون،ئەم خزمانەی دوعایان بەوە تۆمەتبار ئەکرد کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی عەرەبی سونیدا هەبووە.

ئەو بەهۆی ئەم بەردبارانەوە لەماوەی 30 دەقیقەدا مرد،ئەم دیمەنە ڕیکۆرد کراوەو وە بۆ ئینتەرنێتیش نێردراوە.لەکاتی ڕووداوەکەدا هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەوێ بوون بەڵام نەیانتوانی کە ڕزگاری بکەن.

پەنابەران و ئەوانەی کە لە ناوخۆی ئێراقدا ئاوارەبوون
بەلایەنی کەمەوە 4،2 ملیوێن ئێراقی شوێنی ژیانیان بەجێهێشتووە،2،2 ملیوێن لەماتە لە ناوخۆی ئێراقدا ئاوارە بوون،وە 2 ملوێن ی تریان لە بونەتە پەنابەر بەزۆری لە سوریا (1،4 ملیوێن) وە نزیکەی نیو ملوێن لە ئوردوون.لە مانگە کۆتاییەکانی 2007 دا هەردوو وڵاتی سوریاو ئوردن بەربەستیان خستە بەردەم خوێندەواری و تەندروستی و پێداویستییەکانی تری پەنابەران بە بیانوی نەبونی ڤیزەوە کە ئەمەش بووە هۆی دواکەوتن و وەستانی مافی مانەوەو پەنابەرێتی پەنابەران.
لەناو ئێراقیشدا لە زۆربەی پارێزگاکاندا ڕێگە لە چونەدەرەوەی عێراقییەکات بۆ شوێنی تر گیراوە ،ئەو کەسانەی کە لە ترسی توندوتیژی تایەفی ڕادەکەن.

دادگایکردنی کاربەدەستانی ڕژێمی پێشوو
دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق (SICI) ،بەردەوامە لە دادگایی کردنی ئەندامە پایە بەرزە حیزبی و لەشکریو ئەمنییەکانی حکومەتی پێشوو،ئەوانەی کە پێشتر پەیوەندییان بە ئیدارەی پارتی بەعسەوە بەسەرکردایەتی سەدام حسێن هەبووە،لە سەر ئەو تاوان و توندو تیژییانەی کە بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ کردوویانەلە کاتی فەرمانڕەواییەتییاندا.
زۆرێك لە تۆمەتبارەکان بە مەرگ سزا دراون دوای دادگاییەکی نادادپەروەرانە،وە سیان لەمانە لە ساڵی 2006 دا لەسێدارەدران.
تەداخولکردنی سیایەت بەشێوەیەکی بەردەوام کاری لە سەربەخۆی بێلایەنی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق (SICI) کردووە.
*لە مانگی 2 دا،دادگای تەمیز سزای زیندانی هەتاهەتایی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق (SICI) بۆ جێگری سەرۆکی پێشوتر تەها یاسین ڕەمەزان گۆڕی بەلەسێدارەدان ،وە لە 20ی 3 دا ئەم حکومە جێبەجێکرا،وە دوانیتر لە هاوکارەکانی بەرزان ابراهیم التکریتی،عەواد بەندەر ،لە 15 ی 1 ی 2007 دا لەسێدارەدران.
دادگایی کردنی ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە تاوان و کوشتنی پرۆسەی ئەنفالی ساڵی 1988 ،کە تیایدا 188 هەزار کوردی ئێراقی لەناوچوو،لە 24 ی 6 ی 2007 دا کۆتاییپێهات،عەلی حەسەن المجید،حسێن ڕەشید التکریتی،سوڵتان ئەحمەد هاشم بە لە سێدارەدان حکوم دران لەسەر تاوانەکانی جەنگ و تاوان دژی مرۆڤایەتی.عەلی حەسەن المجید بە تاوانباری جینۆساید ناسێنرا.
دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق (SICI) ئاشکرایکرد کە دادگای تەمیز لە 4 ی 9 دا بە سزاکەدا چۆتەوەو بەپێی یاسا ئەبوایە ئەم حکومە لە 30 ڕۆژ دوای بڕیاری تەمیزەوە جێبەجێبکرایە،بە هەرحاڵ سوپایی ئەمریکی ڕەتیکردەوە کو ئەم تاوانبارانە بۆ گرتوخانەکانی ئێراق بگوێزنەوە بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان سەرۆك وەزیر مالیکی و دەستەی سەرۆکایەتیدا هەیە.

باکوری ئێراق
توندوتیژی لەمافەکانی مرۆڤدا،لەوانە گرتنی ئارەزومەندانە،ئەشکەنجەدان،کوشتن،لەژێر ناچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا (KRG) لە باکوری ئێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەربڵاوە،وە توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی فراوان پەیرەو دەکرێت.
*محمد سیاسی ئەشکانی،کە ڕۆژنامە نوسێك بوو لە سلێمانی—لەمانگی 1 دا لەلایەن ئاسایشەوە گیراو دەستبەسەر کرا بەبێ دادگایی کردنی بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ وە لە 55 ڕۆژی یەکەمدا لە گرتوخانەیەکی انفرادیدا گیرابوو بەبێ

ئەوەی کە ڕێگە بەخێزانەکەی بدەن هەفتانە سەردانی بکەن وە هەروەها ڕیگەی پێنەدەدرا کە پارێزەر بۆ خۆی بگرێت،لە 19 ی مانگی 7 دا ئازاد کرا.

*لە 19 ی 5 ی 2007دا هێمن محمد،عوسمان عبدالکریم،شیروان ئەحمەد،قارەمان ڕەسوڵ لەهەلێر لەسێدارەدران لە سەرئەوەی کە بەشدارییان کردوو لە پەلامارێکی بۆمبیدا لە هەولێر ساڵێك پێشتر لە مانگی 6 ی 2006 دا.

*3 تورکمان–مەتیر دەمیر،(مستەفا Egilli)، (حەسیب Yokus) کە ئەندامی ڕێکخراوێکی NGOی تورکی بوون کە کاریان بۆ ئازادی بیرکردنەوەو مافی ڕۆشنبیری ئەکرد لە مانگی 6 ی 2006 دا گیران وە لەناو زینداندا بەبێ دادگایی کردن مانەوە هەتا 12 ی 9 ی هەمان ساڵ،کاتێك کە گەڕانەوە بۆ تورکیا ،یەکێك لەوانە بە ڕێکخراوی ئەمینیستی ئەنتەرناشناڵی ڕاگەیاند کە لە بینایی ئاسایشی هەولێر گیرابوون و زیندانی کرابوون،وەتەنانەت ڕێگەیان پێنەدرابوو کە پارێزەر بگرن،وە وتی کە دوانیان لە زیندانی انفرادیدا گیرابوون و ئەشکەنجەش درابوون بۆ ماوەی شەش مانگ ،وە بەجۆرەها شێوە ئەشکەنجە درابوون لەوانە لێدانی جەستەو بنی پێ (فەلاقە)و وە لەگەڵ لێدانی ئەزووی کارەبا.

*لە مانگی 11ی 2007 دا وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردوستان (KRG) ڕایگەیاند کە 27 ژن بەبیانوی پاراستنی ناموسەوە کوژراون تەنها لەنێوان مانگی 8 و 11دا،بەڵام هیچ زانیارییەکی تری ئاشکرانەکرد دەربارەی لێپرسینەوەو گرتنی ئەوانەی کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە.

مۆبایل: +9647701105951
ئیمەیل:nab-az@hotmail.com